www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:01 2006-1-28

بەناوی یەزدانی پاك و بەخشندە

بۆ/ بەرێزان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ب/ داوا کاری و سکاڵا

سڵاوێکی شۆرشگێرانە. . . . . .

ئێمەی بەندکراوەکانی بەندیخانەی بادۆش داواکارین لەبەرێزتان کە چاوێك بە کێشەکانماندا بخشێننن بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو کوردانی دانیشتوانی کوردستان لەمافەکانمان بێبەش نەبین وهەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەین، ئەگەر تا دوێنێ بۆمان نەبوو بڵێین کوردین خۆ ئەمڕۆ لە سایەی خوێنی شەهیدان و سەرکردە لێهاتوەکانمان بووینە خاوەن زۆر شت کە یەکێك لەوانە بەرهەمی ماندووبوونی گەلەکەمانە ئەویش دانپیانانی حکومەتی مەرکەزییە بە فیدرالیەتی هەرێمی کوردستان،

جا ئێمەی کورد کە هەر چەندە زۆربەمان بەبێ تاوان حوکم دراوین یاخود لەسەر کێشەیەکی بچووك تاوانێکی گەورەمان بە سەردا سەپێندراوە بەومانایەی ئێمەبووینەتە قوربانی نەبوونی دادوەری یاسایی ئەو پاکسازییەی کە کرا وا ئێمە دەردەکەی دە چێژین هەر بە هەمان شێوەش ئێمە بووینەتە قوربانی گەندەلی ئیداری، بۆیە تاوەکو ئێستاش بارودۆخمان رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێ و ئەو مامەڵەیەی کە لێرە لەگەڵ َ ئێمەی کورد دەکرێ کە گوایە ئێمە نۆکەری ئەمریکاین، تاکو بلێی مامەلەیەکە دووره لەهەموو بەهاکانی مافی مرۆڤ، وای لێهاتووە عێراقیەتیش بە ئێمەی کوردلایەق نەبینن، جا بۆیە تکا لە بەرێزتان دەکەین کە لەم (باستیلەی موێل) رزگارمان بکەن وەك چۆن عارەبەکان لە کوردستان داوا کران و گەراندرانەوە، ئایا بۆچی نابێ ئێمە بگەرێندرێینەوە بۆ کوردستان؟ ئێمە بە هەر شوێنێك و بە هەر شتێك رازین لە کوردستانی خۆماندا، دڵنیاین کە ئێوەی بەرێزیش لەمبارەوە کەمتەرخەمی ناکەن وبەدەنگ سکاڵاکانمانەوە دێن، چونکە بە راستی زۆر حا لمان شرە. بەرێزان ئایا دەبێ تەلە فزیۆن هەبێ کەناڵە کوردیەکان بۆ ئێمە قەدەغە بێت وریگەمان پێنەدرێت پێنووس و وەرە قە بەکاربهێنین؟ یاخودچۆن دەبێت چوار کورد پێکەوە دابنیشین یان نان پێکەوە بخۆین قەدەغەبێت؟ زۆر شت هەیە بۆ ئەوان عادەتە و لە ئێمە عیبرەتە جا چ خواردن و خواردەمەنی بێت چ جل و بەرگ و پۆشاك و پێخەف بێت بەئێمە رەوا نابیندرێت، دەربارەی سەردانی کردنیش گەر لە چەند مانگ جارێ یەکێ مواجەهەی بێت زۆرباشە، چونکە ئەمەش لەبەر کاری تیرۆریستی و کوشتنی خەڵکی کورد وتەقینەوەی سەیارە و جۆرەها کاری ترسناك کارێکی زەحمەتە خزم و کەسانمان بتوانن سەردانیمان بکەن. بەرێزان. . . بۆراستی ئەم شتانەی کە نوسیوومانە دەتوانن نوێنەری خۆتان بنێرن لێکۆلینەوە بکەن ئەوەی جێگای سەرسورمانەلە ئەفسەر یاخود عەریف ئیستجابە یا منتسب هەیە کوردن و ناوێرن بە زمانی کوردی قسەمان لەگەڵدا بکەن بە راستی سەیرە! ئێمە بێ ئاگاین لە دەرەوە ئایا تاکو ئێستاش سەدام لەسەر حوکمە؟ یان دەبێ ئێمە لە نوگرە سەلمان حوکم بین یاخود لە شعبەی پێنجین یاخود لە شعبەکانی تری موخابەرات و ئیستیخباراتی سەدامین؟ تکایە چارەیەك ئەوەی جێگەی سەرنجە ئێمە دەعوای ئەمریکیمان نییە، ئایا بۆ ئەم مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێ؟ سوێندتان دەدەین بە خاکی کوردستان، بە خوێنی پاکی شەهیدان، بە هە ڵەبجەی شەهید، بە قوربانیانی ئەنفالەکان، بە قوربانیانی

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:01 2006-1-28

برا بارزانیەکان، بە شەرافەتی کوردایەتی، کە تاکو پێتان دەکرێ و بەزووترین کات لەم مەینەتییە رزگارمان بکەن، لەگەڵ جوانترین رێزماندا،

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتن

زیندانەکانی زیندانە

بەدناوەکەی بادۆش

6 . .2 / 1 / 26

| ز | ناوی سیانی | ماوەی حوکم | لەچ مەحکەمەك حوکم دراوە | دانیشتوی کوێیە |
|---|---|---|---|---|
| -1 | ئازاد عزالدین رشید | 1. / ساڵ | محکەمەی موێل | مخموور / هەولێر |
| -2 | سامان کاکە رەش ابا بکر | 15/ساڵ | محکەمەی موێل | مخموور / هەولێر |
| -3 | سنگر حیدر کریم | 15/ساڵ | محکەمەی موێل | مخموور / هەولێر |
| -4 | نقام محمد رشید کریم سعید | 12/ساڵ | مەحکەمەی کورکوك | کەرکوك |
| -5 | عرفان امین بکر | 1. /ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -6 | جمال عبدالله رسول | 11/ساڵ | مەحکەمەی موێل | رواندز / هەولێر |
| -7 | احمد اسعد محمد | 11/ساڵ | مەحکەمەی موێل | هەولێر |
| -8 | محمد حمدی محمد | 11/ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -9 | رمچان ابراهیم والی | 12/ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| 10 | محمد علوش محمد | 6/ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -11 | بێلان مدحت محمد ێالح | 1. /ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -12 | شێرکۆ محمد محمدامین | 6/ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -13 | عباس عبداللگیف | 2. /ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -14 | عادل عبدالله محمد | 2. /ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -15 | وهاب عودل ێالح | 2. /ساڵ | مەحکەمەی تکریت | کەرکوك |
| -16 | ولید ێلاح الدین خورشید | 13/ساڵ | مەحکەمەی کەرکەك | کەرکوك |
| -17 | نجم الدین حمە کاکە ویس | 15ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -18 | رەشاد حسین محمود | 5/ساڵ | مەحکەمەی تکریت | کەرکوك |
| -19 | محمد احمد محمد | 5/ساڵ | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| .20 | محمد احمد سعید | 2. /ساڵ | مەحکەمەی تکریت | کەرکوك |
| -21 | محمد ێالح حمید | 2. /ساڵ | مەحکەمەی تکریت | کەرکوك |
| -22 | اردەلان حمید ێالح | مدی الحیاە | مەحکەمەی تکریت | کەرکوك |
| -23 | احمد ێابر فتاح | 15/ساڵ | مەحکەمە مەحکەمەی | کەرکوك |
| -24 | قاسم محمد خورشید | 15/ساڵ | تکریت | کەرکوك |
| -25 | عبدولوهاب احمد محمود | مدی الحیاە | مەحکەمەی کەرکوك | کەرکوك |
| -26 | هیوا ابراهیم ێالح | مدی الحیاە | مەحکەمەی کەرکوك | سلێمانی |
| -27 | سباح ابراهیم ێالح | مدی الحیاە | مەحکەمەی موێل | سلێمانی |
| -28 | رزگار رەشید مێگفی | 15/ساڵ | مەحکەمەی موێل | کەرکوك |
| -29 | خالد جمال شفیق | 7/ساڵ | مەحکەمەی تکریت | خانەقین |
| .30 | عادل حسین عباس | 15/ساڵ | مرکزیە بغداد | کەلەك / هەولێر |
| - | | | | |